ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێری کورد ستانی ئێران
The Revolutionary Khabat Organization Of The Iranian Kurdistan

# لای لایێ

ڕۆڵە گلێنەی ڕووناکی چاوم
بەندی جەرگ و دڵ، هێزی هەناوم
ڕیحانەی بۆن خۆش سوورە گوڵەکەم
ئاوپڕشکێنی گوڵی دڵەکەم
چۆڵەمەی ئەستۆم، ڕەگی حەیاتم
هەنگوین و قەندم نوغل و نەباتم
خەوی خێرت بێ بنوە درەنگە
تا کەڵەبابی بەیان بێ دەنگە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
ئەمشەو بەزەییت بە مندا نایە
ژیربەوە ڕۆڵەی ژیر و جوانم
لە داخی لانک دەگری دەزانم
دەڵێی بۆ حەپسم، بۆ دەستەبەستەم!
بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم!
لەنێو کورد نەبێ دەسرازە نییە
ئەو بەند و قفڵ و قەڕازە چییە!
کوڕم من بیرم لە تۆ زیاترە
دەسرازە و لانک بتبێ چاترە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
گوێگرە پێت بڵێم لەبەر چی وایە
ڕاستە تۆ نەوەی شێری ژیانی
نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی
بەڵام چونکە کورد ئەمڕۆ بێ کەسە
بەشیان لە دنیا کۆت و مەحبەسە
بۆیە دەتپێچم تا خووی پێ بگری
نەک تا من ماوم لە بەندا بمری
بۆ چارەڕەشیت نەماوە تینم
هەر پێم خۆش نییە مەرگت ببینم
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
هەزار تێبینی دوارۆژم لایە
بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵی و سوێریت لەسەر دەچێژم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەمامی باڵات بە فرمێسکی چاو
شەو و نیوەشەو لێی دەنێم شەواو
سەد چاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لەبن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر ڕەسیدە بووی نەتەوێ زاڵم
دەتبرێ و بەزەی نایە بە حاڵم
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
دەک خاکم بەسەر، ڕەنجم بەبایە
پەشێو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی؟
سەربەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی؟
قەڵەم دەست دەیە، ببە مەکتەبی
وەخت و بێ وەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتەی لەگەڵ کاکت دووبەدوو
بکەن هاواری هەقی لەدەسچوو
دەس دەنە دەس یەک بە ڕا و بە تەگبیر
یەکتان بە قەڵەم، یەکو بە شمشیر
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەری لە قەڵەمڕایە
یەک نامە ڕەش کا بە داد و هاوار
یەک زەوی سوور کا لە خوێنی بەدکار
یەک لە قوڕنیشێ بڕوا بۆ تکا
یەکێ قوڕ بەسەر دوژمندا بکا
ئەو پەلەقاژەی ئێستا لەکن من
دەکەی بەند لادەی لە دەست و گەردن
ئەو تەقەلایەت بۆ دوارۆژ باشە
جووچک هەوڵێ دە ، بێ ڕوحمە واشە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
دەس لە دەس ، تەفیق لەکن خودایە
ڕۆڵە نیشتمان چاوی لە ڕێتە
دایکمان هەویای دوارۆژی پێتە
بۆیە هەندامت وەک مینای بێگەرد
خاوێن ڕادەگرم بە سەد ڕەنج و دەرد
چاکەم دەیەوە، بۆ وەتەن وەک کوڕ
تۆش بیگەوزێنی لەناو خوێن و خوڕ
پێت بڵێم ڕۆڵە سەر سوودی چییە!
بۆ بەردەبازی ڕێی ئازادییە
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
نیشتمان بۆ تۆ دەستەو دوعایە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆڵــە نــاموست وەک خزمەکــانت
نەفرۆشـــی بە پـــوولّ دەستـــم دامانت
شەرەف گــەوهەرە قیمەتـــی نـــایە
دەویت ڕووڕەشـــی هەرتک دنیـــایە
ئەو کــەسە پیـــاوە بۆ خاک و ئـــاوی
ڕووح دانــێ و بە چـــاک بمێنێ نــاوی
نەتبیستوە واتـــەی زانـــای سەر زەمین:
مەردانـــە مردن نـــەک حیزانـــە ژیـــن
هەی لای لایـــە ڕۆڵــە لای لایـــە
بخوێنە، نـــەزان چی لـــەدەس نـــایە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com